# نێچیرڤان بارزانی: میراتی مرۆیی و ڕۆحیی پاپا فرەنسیس بەرز دەنرخێنین



سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پەیامێکی دڵربارێی کێچی دوایی پاپای ڤاتیکان بۆ کردۆ و دڵت: ئێمە لە هەرێمی کوردستان، کە فرەیی و لێبوردەیی و پێکەوەژیان بنەمای کێمەگێکەمان پێك دێنن، میراتی مرۆیی و ڕۆحیی پاپا فرەنسیس بەرز دەنرخێنین.

دڵقی پەیامێکی نێچیرڤان بارزانی بۆ کێچی دوایی پاپا فرانسیس:

بە خەمێکی زۆر و دڵتەنگییەکی قووڵەوە، هەواڵی کێچی دوایی قەداسەتی پاپای ڤاتیکان، پاپا فرەنسیسم بیست, کە سیمبۆلێکی ئاشتی و دادپەروەری و نزیکبوونەوەی نێوان گەلان و ئایینەکان و نموونەیەکی خاکەڕایی و ڕۆحانییەت و بەزەیی بوو.

بەناوی گەلی کوردستان و خۆمەوە، لە ناخەوە، سەرەخۆشی و هاوخەمیی قووڵم پێشکەش بە جیهانی مەسیحی و تەواوی مرۆڤایەتی دەکەم و هاوئازاری لەدەستدانی ئەم کەسایەتییە مێژوویییە گەورەیەین کە ژیانی خۆی بۆ خزمەتی مرۆڤ و بەرگریی لە شکۆی مرۆیی و بڵاوکردنەوەی پەیامی خۆشەویستی و پێکەوەژیان تەرخان کردبوو.

ئەمە لە هەرەمی کوردستان، کە فرەیی و لێبوردەیی و پێکەوەژیان بنەمای کۆمەڵگەکەمان پێك دێنن، میراتی مرۆیی و ڕۆحیی پاپا فرەنسیس بەرز دەنرخێنین و نزا دەکەین و لە خوای مەزن داواکارین گیانی بە بەزەیی و میهرەبانیی خۆی شاد بکات و ئارامی دڵنەوایی بە هەمووان ببەخشێت.

خوالێخۆشبوو پاپا فرەنسیس بە جەستە کۆچی دوایی کرد، بەڵام یاد و پەیامەکەی، هەمیشە بە چرای هیوا و ئاشتی بۆ مرۆڤایەتی دەمێنێتەوە، بۆ ئەمەش یادی سەردانەکەیان بۆ هەرەمی کوردستان لە 2021، بۆ هەمیشە زیندوو و جێی شانازیمان دەبێت.